# The Role of the Constitution in Achieving the Balance Between " "Stability and Justice within the Scope of Civil Law: An Analytical Study

**Rebwar Maghdid Mahmood**
Department of Law. Faculty of Law, Political Science and Management, Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2693KRS.13*

*Published:26/4/2026*

## *Abstract*

*This study aims to shed light on the role of the Constitution in achieving a balance between the goals of justice and stability in light of the principles of civil law enshrined in the Constitution. The study's problem was presented and a number of conclusions were reached, the most important of which is that the Constitution attaches great importance to achieving justice, which is its primary goal, while also focusing on consolidating stability through several direct and indirect means. The study also concluded that the Constitutional Court has an important role in achieving this balance.*

***Keyword***: *Constitution, Justice, Stability, Economic Justice, Constitutional Court.*

# (ڕۆڵی دەستوور لە بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان سەقامگیری و داد لە چوارچێوەی یاسای شارستانی)

لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری

پوختە:

*ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە ڕۆشنایی بخاتەسەر ڕۆڵی دەستوور لە گەیشتن بە هاوسەنگی نێوان ئامانجی دادپەروەری و بەرقەرارکردنی سەقامگیری لە ژێر ڕۆشنایی بنەماکانی یاسای مەدەنی کە لە دەستووردا چەسپێنراون، لەسەر بنەمای چۆنیەتی مامەڵەی دەستوور لەگەڵ تێکگیرانی ئامانجی داد و سەقامگیری دامەزراوە، بەمەش ڕێگەیەک بۆ دادگا و دەزگاکانی دادوەری دەڕەخسێنێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. توێژینەوەکە گەیشتە کۆمەڵێک ئەنجام، گرنگترینیان ئەوەیە، کە دەستوور گرنگیەکی زۆر بە هێنانەدی دادپەروەری دەدات، چونکە ئامانجی سەرەکیەتی، لە هەمانکات گرنگی بە بەرقەرارکردنی سەقامگیریش داوە، لە ڕێگەی چەند ئامرازێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ گرنگی بە بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان داد و سەقامگیری دەدات، جگە لەوەش توێژینەوەکە گەیشت بەو ئەنجامەی، کە دادگای دەستووری دەتوانێت، ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە گەیشتن بەم هاوسەنگیە.*

*کلیلەووشە: دەستوور، دادپەروەری، سەقامگیری، دادپەروەری ئابووری، دادگای دەستووری.*

## 1. پێشەكی

دەستوور بەرزترین یاسایە لە وڵات، دەبێتە ڕێچكە و ڕێبازی حوكمڕانی لە وڵات و دەسەڵات و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەكان دیاریدەكات، ماف و ئازادیەكان دەستەبەردەكات، بۆیە زۆرجار ئەو مافانەی دەسەڵات هەیەتی لەگەڵ ئەو مافانەی، كە هاووڵاتیان هەیانە، یاخود لە نێوان خۆبەخۆی هاووڵاتیان تێكگیران لە نێوان ماف و بەرژەوەندییەكانیان دروست دەبێت، بۆیە زۆر گرنگە هەر كەسە و بە مافی خۆی بگات، بەڵام دواجار دەسەڵات تەنها ئەركی پاراستنی مافی هاووڵاتیان نیە، بەڵكو پێویستە لە سەری سەقامگیریش لە هەموو ڕووە جیاوازەكانەوە بەدیبێنێت، بۆیە زۆر گرنگە دەستوور بتوانێت ڕێچكە و هێڵی هاوسەنگی نێوان سەقامگیری و داد بكێشێت، تاوەكو دەسەڵات و دام و دەزگاكان لە سەر ئەم ڕێباز و ڕێچگەیە برۆن و بتوانرێت جۆرێك لە هاوسەنگی نێوان بەرژەوەندی و مافە جیاوازەكان بەدیبهێنن، بتوانرێت باڵانسێك لە نێوان فەلسەفەی ماف و فەلسەفەی سیستەم بەرپابكرێت و زەرەر لە كۆمەڵگا لابدرێت و هەم ماف و ئازادیەكان و هەم سەقامگیری و ئاسایشی یاسایی بەرقرار بكرێت.

**گرفتی توێژینەوە:** زۆرجار دوو مەبەستی داد و سەقامگیری تێكدەگیرێن، ئایا پێویستە لە پێناو بەدیهێنانی سەقامگیری دادپەروەری بكرێتە قوربانی یاخود دادپەروەری پێویستە هەمیشە بەرقراربكرێت و گوێ بە سەقامگیری نەدرێت؟ بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەوە دەكۆڵێتەوە ئایا تا چەند دەستوور ڕێگری لە زاڵبوونی مەبەستێك بە سەر ئەوەی دیكەیان دەكات و تاچەند هەوڵی هاوسنگیكردن دەدات لە نێوانیاندا؟

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی توێژینەوەكەمان بریتییە لە:

- خستنەڕووی تێگەی سەقامگیری و داد لە چوارچێوەی تێگەیشتنی دەستووری.
- تیشك خستنەسەر پرەنسیپە شارستانیە دەستووریەكان و ڕۆڵیان لە دیاریكردنی هێڵی بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان داد و سەقامگیری.

- پیشاندانی ڕۆڵی دەستوور لە داڕشتنی میکانیزمەکانی هاوسەنگیکردن و پێگەی دادگای دەستووری لەم بارەیەوە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە ڕێبازی شیکاری بەستووە، بۆ ئەم مەبەستە ئەو دەقە دەستووریانەی پەیوەندیدارن بە پرەنسیپە شارستانیەکان و بەدیهێنانی دادپەروەری و سەقامگیری و هاوسەنگیکردن لە نێوانیان لە چەند دەستوورێکی جیاوازەوە خستۆتەبەر شیکردنەوە، بۆئەوەی بتوانین بگەین بە ئەنجامی باش و پێشنیازی پێویست.

**پلانی توێژینەوە:** لە پێناو بەدیهێنانی باشترین ئەنجام، توێژینەوەکەمان بە سەر چەند بەشێک دابەشکردوە، بەم شێوەی خوارەوە:

- داواکاری یەکەم: تێگەی داد و سەقامگیری
- داواکاری دووەم: پرەنسیپە شارستانیەکانی نێو یاسای دەستووری
- داواکاری سێیەم: ئامرازە دەستووریەکانی بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان دادپەروەری و سەقامگیری

پاشان بە خستنەڕووی ئەنجام و پێشنیازەکان کۆتایی بە توێژینەوەکەمان دێت.

## 2. تێگەی داد و سەقامگیری

دادپەروەری و سەقامگیری دوو مەبەستی بەرزی یاسایین، دەبنە پێوەر و بنەمای گشتی یاسادانان و ئاڕاستەکردنی یاسا و دادگاکان، بەڵام ئەم دوو مەبەستە بەرزە یاساییانە، پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە، بۆیە لە دوو داواکاری جیاوازدا تیشکیان دەخەینەسەر و ڕوونیان دەکەینەوە:

## 2.1 تێگەی دەستووری داد

داد یەکێکە لەو وشانەی، ناتوانرێت بە تەواوی تێگە و مەبەستەکەی دیاریبکرێت، ئەمە بەو واتایە نایەت، کە تێگەکەی بە جۆرێک ناڕوون بێت، چیپەتیەکەی بە تەواوی دیار نەبێت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، هەندێک تێگە بوونیان هەیە ناتوانرێت تێگەکانیان بە تەواوی ئەو واتایەی هەڵیدەگرن، لە چوارچێوەی ناوەکانیان کۆبکرێتەوە. دادپەروەریش یەکێکە لەم وشانەی بە تەواوی تێگە و واتاکە ناتوانرێت لە چوارچێوەی وشەدا کۆبکرێتەوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک بەوە پێناسەی دەکەن، کە بریتییە لە "پێدانی ماف بە هەموو خاوەن مافێک" (أبوبكر علي محمد أمين، العدالة مفهومها ومنطلقاتها، ص 31)، بۆیە ئەوەی گرنگە لە دادپەروەری بریتییە لەوەی هەموو کەسێک مافەکانی بۆ فەراهەمبکرێت، یاخود کاتێک داوای مافی خۆی دەکات مافەکانی پێ بدرێت، یاخود هەر لە بنچینەدا یاسا هەوڵبدات بە جۆرێک ڕێساکانی دابڕێژێت و گوتارەکانی لە پێناو بەدیهێنانی دادپەروەریدا ئاراستەبکات، بۆیە دەستوور وەکو بالاترین یاسا لە کۆمەڵگا، پێویستە لە پێناو بەدیهێنانی ئەم مەبەستە تێبکۆشێت و هەوڵی بەدیهێنانی دادپەروەری بدات. چونکە بەدیهێنانی دادپەروەری مەبەستێکی بەرزی یاساییە، یاسا لە بارودۆخە ئاساییەکەی خۆی، پێویستە لە پێناو بەرجەستەکردنی دادپەروەری دابڕێژرێت و گوتارەکانی ئاراستەبکات، بۆیە هەندێک تر دادپەروەری یاسایی بەوە پێناسە دەکەن، کە بریتییە لە "مەبەستی گریمانەکراوی یاسادانەر لە دانانی یاسا، کەوا دەستەبەری ئەوە دەکات هەموو خاوەن مافێک بە یاسا مافەکەی وەربگرێتەوە" (د.محمد سليمان الأحمد، الهندسة التشريعية، لا 303).

ئەم تێڕوانینە شتێکی نامۆ نیە بە دەستوور، بۆیە دەبینین دەستووری عێراقی ساڵی 2005 لە ماددەی 19 برگەی سێیەم دەڵێت: "هەموو تاکێک مافی پەنابردنەبەر دادگای هەیە لە پێناو پاراستنی مافەکانی"، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم بڕگە دەستووریە زۆر بە ڕوونی هەوڵی بەدیهێنانی دادپەروەری دەدات، وەک مەبەستێکی بەرزی دەستووری سەیریدەکات، بۆیە بە پێویست دانراوە

لە بەرزترین یاسای وڵاتدا دەقبەندبکرێت، چونکە بە هیچ جۆرێک ناکرێت رێگا لە بەردەم گەیشتن بە ماف بگیرێت، کارێکی لەم چەشنە بریتییە لە رێگرتن لە بەدیهێنانی دادپەروەری.

ئەگەر بڕوانین، دەبینین دەستووری هەندێک لە وڵاتان (میسری ساڵی 2012 لە ماددەی 8) هەر بەوەندە ناوەستن، کە مافەکان بۆ تاکەکان بڕیار بدات، بەڵکو دێت ئەرکێکی ئەرێنی دەخاتەسەر شانی دەوڵەت و لە سەری پێویست دەکات هۆکارەکانی بەدیهێنانی دادپەروەری لە کۆمەڵگادا دەستەبەر بکات، چونکە زۆر ئاشکرایە، تەنها دانان بە ماف و ئازادیەکان بەس نین بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری، بەڵکو پێویستە لە ڕووی کردارییەوە کەشێکی وا بڕەخسێنرێت، کە تیایدا هۆکارەکانی گەیشتن بە دادپەروەری بۆ سەرجەم تاکەکان فەراهەمبکرێن، بۆیە دەڵێت: "دەوڵەت هۆکارەکانی بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی فەراهەمدەکات.".

لە دیباچەی دەستووری ئیسپانی ساڵی 1978 دووپاتی هەردوو بنەمای داد و سەقامگیری کراوەتەوە، هەروەک هاتوە کە: "ئومەتی ئیسپانی، ئارەزووی داد و ئازادی و سەقامگیری ئەو شتەشی هەیە، کە لە بەرژەوەندی گەلەکەیدایە..."، ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی گرنگ و گەورەیی بنەمای داد دەستووری ئیسپانی لە ماددەی یەکدا دووپاتی بەرگریکردن لە دادپەروەری دەکاتەوە و وەک بەهایەکی بەرزی سیستەمە یاساییەکەی لێی دەڕوانێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، دەبێت سیستەمی یاسایی لە کۆی تێڕوانینەکانیدا ڕەچاوی دادپەروەری بکات، چونکە دادپەروەری لە هەموو کات و ساتێکدا وەک بەهایەکی باڵا سەیریدەکرێت، هەروەک دەڵێت: "بە گوێرەی ئەم دەستوورە ئیسپانیا وەک دەوڵەتێکی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی دادەمەزرێت، ملکەچی سەروەری یاسا دەبێت، بەرگری لە ئازادی و داد و یەکسانی و فرەیی سیاسی دەکات، وەک بەها باڵاکانی سیستەمی یاسایی". (دەستووری ئیسپانی ساڵی 1978: ماددەی 1/1).

هەندێکی دیکە داد بە کۆڵەگەیەک لە کۆڵەگەکانی کۆمەڵگا هەژماردەکەن (ماددەی 7 لە دەستووری کوێتی ساڵی 1962)، ئەوەی تێبینی دەکرێت، بریتییە لەو پێگە تیۆریە گەورەیەی، کە

بە مەبەستی داد دەدرێت، لە چوارچێوەی دەستوور، بۆیە هەندێک بە کۆڵەگەیەک لە کۆڵەگەکانی کۆمەڵگا هەژماریدەکەن، ئەمەش تەنها گرنگیپێدانێکی تیۆریە زۆر نزیک دەبێتەوە لەوەی تیۆریی پوخت بێت، زیاتر لەوەی گرنگی و مۆرکێکی کرداری پێبدات، بەوەی بۆ ئاراستەکردنی دادگا و یاسادانەر لە دەرکردنی یاساکانیدا فەرمانبکات، کە وەسف و خستنەڕووە، بەڵام هەندێکی دیکە گرنگیەکی زیاتری پێدەدەن و گەورەتر پیشانیدەدەن، وەک بەهایەکی باڵا سەیریدەکەن، بۆیە دادگا و یاسادانەریش پێویستە لە سەریان، بەم بەهایە باڵایانە پابەند بن، ئەم بەهایە بەهایەکی ڕەوشتیە، چونکە بنەمای داد یاخود دادپەروەری خۆی لە خۆیدا شتێکی ڕەوشتیە، بۆیە ڕەوایەتی یاساکان دەگەڕێتەوە سەر چەندێتی ڕەچاوکردنی ئەم بەها باڵا ڕەوشتیانە.

### 2.2 تێگەی سەقامگیری

کاتێک یاسادانەر پەنادەباتەبەر ڕێسای یاسایی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، بە شێوازێکی فەرماندەر هەڵناسێت ئەحکامەکانی بە سەر کۆمەڵگا بسەپێنێت، بە جۆرێک تەنها گرنگی بە ڕێکخستنی ئەو شوێنەوارانە بدات، کە لە داهاتوودا دروست دەبن، بەڵکو لە پاڵ ئەمەشدا گرنگی بە پاراستنی باری بەرکار و هەبوو دەدات، بە جۆرێک پارێزگاری لەو پێگە یاساییانە دەکات، کە پێشتر و بەر لە دەرکردنی یاسا بوونیان هەبووە، بەمەش دەیەوێت جۆرێک لە سەقامگیری لە کۆمەڵگا دروست بکات و دڵنیایی و ئارامی بۆ تاکەکان بەدیبهێنێت، جۆرێکە لە ڕێگرتن لە ڕوودانی پشێویی و بێسەروبەری.

یاسادانەری دەستووری پێویستە بە گرنگیەوە بڕوانێتە بنەمای سەقامگیری، چونکە وەک چۆن بەدیهێنانی دادپەروەری شتێکی گرنگە و لە فەلسەفەی ماف سەرچاوەی گرتوە، سەقامگیریش تا ڕادەیەکی زۆر گرنگە و لە فەلسەفەی سیستەمەوە سەرچاوە دەگرێت (محمد سليمان الأحمد، فلسفە الحق، لا: ٣٧) بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجدانە، سەقامگیری وەک بنەمایەکی دەستووری لە زۆرێک لە دەستوورەکاندا بە ڕاستەوخۆ وەک بنەمای دادپەروەری

دەقبەندنەکراوە، لەم دەستوورانەش، کە خۆیان لێی بێدەنگکردوە، هەریەکە لە دەستووی فەڕەنسی و دەستووری عێراقی. بەڵام ئەگەر لە دەستووری عێراقی بڕوانین، دەبینین بە ڕاشکاوانە گرنگی بە ئاسایش دەدات و بە گرنگیەوە لێی دەڕوانێت، هەرچەندە ئاسایش و سەقامگیری پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، بەڵام ئەو سەقامگیریەی ئێمە مەبەستمانە زیاتر بریتییە لە سەقامگیری شوێنەوارە یاساییەکانی ڕووداو و هەڵسوکەوتە یاساییەکان (هائم أحمد محمود، ص8)، تەنانەت ئەگەر بەم واتایەش لە دەستووری عێراقی بڕوانین، گرنگی بەم بنەمایە دراوە، وەک لە ماددەی 23 بڕگەی یەک، دەڵێت: "خاوەنداریەتی تایبەت پارێزراوە..."، بۆیە دەبینین دەستووری عێراقی زیاتر لەو ئاراستە دەستووریە نزیک دەبێتەوە، کە ڕاشکاوانە ئاماژەیان بە بنەمای سەقامگیری کردوە، یاخود بە شوێنەوارەکانی کاراکردنی ئەم بنەمایە دان بە بوونی بنەماکە دەنێن، لە نموونەی ئەم دەستوورانەش، وەک دەستووری ئیسپانی لە ماددەی 1/9 دەڵێت: " يضمن الدستور مبدأ الشرعية ورتب التشريعات ونشر القوانين وعدم رجعية القوانين العقابية التي لا تتماشى مع الحقوق الفردية أو تقلصها، كما يضمن سيادة القانون و محاسبة السلطات العمومية ومنع تعسفها ". ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ماددەیە، دەبینین زۆر بە ڕوونی ئاماژە بە بنەمای شەرعیەت و پلەبەندی و نەگەڕانەوەی یاساکان بۆ پێش خۆی دەکات، هەموو ئەمانەش بریتین لە شوێنەوارەکانی کارکردن بە بنەمای سەقامگیری.

دەستووری ئەڵمانی و مەغریبی و ئیتاڵی و عێراقی و زۆرێکی دیکە ئاماژە بە پاراستنی مافی خاوەندارێتی دەکەن، ئەمەش بریتییە لە پاراستنی ئەو بارودۆخەی هەیە، واتا، گرنگی بەوە نادات، کە چۆن ئەم خاوەنداریەتیە بەدەستهاتوە، بەڵکو لەبەرئەوەی کەسێک خاوەندرایەتی زەوی یاخود هەر شتێکی دیکە دەکات، لە پێناو پاراستنی سەقامگیری پارێزگاری لە باری هەبوو دەکات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کرۆکی بنەمای سەقامگیری و دەرهاوێشتەکانی کاراکردنیەتی.

بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوێستەکردن و خستنەڕووە، بریتییە لەوەی کە ئەم بنەمایە لەوانەیە پێویست بە ئاماژە پێکردن و دەقبەندکردن نەکات، بۆیە هەندێک پێیان وایە، بنەمای سەقامگیری لەگەڵ ئەوەی لە دەستوور و یاسای فەرەنسیدا بە ڕاشکاوانە ئاماژەی پێنەکراوە و ئەنجومەنی دەستووری فەرەنسیش بەڕاشکاوانە دانی پێدانانێت، لەگەڵ ئەوەشدا بنەمایەکە بنەماکانی دانپێدانراوەکان لە سیستەمی یاسای فەرەنسیدا بە تایبەت کاتێک دەبینین یاسای فەرەنسی دووپاتی نەگەڕانەوەی یاساکان دەکات بۆ پێش خۆی و دەستوور جۆرێک لە کوالێتی لە سەر یاساکان دەسەپێنێت (د.سعيد بن علي بن حسن العمري، د. رضوان أحمد الحاف، مبدأ الأمن القانوني، ص 21)، بەڵام ئەوەی ئێمە درکمان پێیکرد، ئەنجومەنی دەستووری فەرەنسی بە ڕاشکاوانە دان بە بنەمای سەقامگیریدا دەنێت، بۆیە لە بڕیارێکدا (رقم 89-DC256 ، تاريخ 25 تموز/يوليو 1989) یاسایەکی هەڵوەشاندەوە لە سەر ئەو بنەمایەی، کە یاساکە بنەمای نەگەڕانەوەی یاساکانی پێشێلکردوە، ئەمەش بریتییە لە دانان بە بنەمای سەقامگیری یاسایی، بەڵام "محكمه النقض" لە بڕیارێکیدا لە ساڵی 2000 ئاماژە بەوە دەکات، بنەمای نەگەڕانەوەی یاساکان بەهای دەستووری نیە، تەنها سەبارەت بە یاسا سزاییەکان نەبێت (القانون المدني الفرنسي بالعربية، جامعة القديس يوسف، 2009، ص11)، بۆیە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، زۆر گرنگە بنەمای سەقامگیری وەک بنەمایەکی دەستووری دەقبەندبکرێت، بەڵام ئەم تێڕوانینە تێڕوانینێکی شکلیە، بۆیە پێویستە بنەماکە لە دەستوور دەقی لە سەر بکرێت و هیچ گومانێک بۆ دادگا نەهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت دەستکراوە بێت لە نێوان بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان ئەم دوو بنەما باڵایەی دەستوور. ئەمانەش بە هەمانشێواز دەبنە شوێنەوار و لێکەوتەکانی بەرکارکردنی بنەمای سەقامگیری، بۆیە دەتوانین بڵێین، سەقامگیری بنەمایەکی گشتی و دانپێدانراوە لە چوارچێوەی سیستەمە یاساییە جیاوازەکاندا، چونکە لە بنچینەدا ڕێسا یاساییەکان

یان لە فەلسفەی مافەوە سەرچاوە دەگرن و مەبەستیان بەدیهێنانی دادپەروەریە، یاخود لە فەلسەفەی سیستەمەوە سەرچاوە دەگرن و مەبەستیان بەرقرارکردنی سەقامگیریە.

لە کۆتاییدا بەو ئەنجامە دەگەین، کە مەبەستی سەقامگیری مەبەستێکە یاسادانەری دەستووری کەمتر بە ڕاشکاوانە ئاماژەی پێ دەکات و زیاتر دەق لە سەر لێکەوتەکانی کاراکردنی دەکات. بەڵام دەکرێت مەبەستی یاسادانەر بریتی بێت لە حەزەر وەرگرتن تاوەکو دواجار نەبێتە دەرچەیەک بۆئەوەی زیاتر قوربانی بە ماف و ئازادیەکان بدرێت بەبیانوی بەدیهێنانی سەقامگیری، بۆیە دەبینین دەستوورەکان کەمتر بوێری دەقبەندکردن و بە دیارخستنی ئەم بنەمایەیان هەیە، زیاتر بوێرن لە بە دیارخستن و دەقبەندکردنی دادپەروەری، بەڵام هەرچۆنێک بێت سەقامگیری لەگەڵ لۆژیکی یاسایی تێکدەکاتەوە، واتا دەبێت یاساکان بە جۆرێک دەربکرێن، کە مەعقولیەتیان تێدابێت و عەقڵی سەلیم قبوڵیان بکات. (د.محمد سليمان الأحمد، الهندسة التشريعية، لا 306).

### 3. پرەنسیپە مەدەنیەکانی نێو یاسای دەستووری

دەستوور زیاتر هێڵە گشتیەکانی حوکمڕانی و مافە گشتیەکانی تاک دیاریدەکات، زیاتر لە سەر شێواز و سیستەمی حوکمڕانی و دابەشکردنی دەسەڵات و دیاریکردنی سنوور و پەیوەندی نێوانیان کاردەکات، بۆیە کەمتر گرنگی بە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە یاسای شارستانی دەدات، زیاتر دێت، پرەنسیپە گشتیەکان دیاریدەکات، وەک دیاریکردنی دادپەروەری وەک ئامانج و مەبەستی گشتی یاسا و دیاریکردنی سەقامگیری، بەڵام کەم قسە لە سەر بابەتەکانی نێو یاسای شارستانی دەکات، وەک گرێبەست و خاوەنداریەتی و وردەکاریەکانی دیکەی یاسای شارستانی جێهێڵراون بۆ یاساکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین یاسادانەری دەستووری لە زۆرێک لە

وڵاتان چەند بابەت و پرسێکی شارستانیان ڕێکخستوە، بنەمایەکیان بۆ دیاریکردوە، لە گرنگترین ئەو پرس و بابەتەناش بریتین لەمانەی خوارەوە:

### 3.1 مافە بنەڕەتیەکان

مەبەست لە مافە بنەڕەتیەکان بریتییە لەو مافانەی کە دەستوورەکان لە سەر دەقبەندکردنیان ڕاهاتوون و دەستبەرداری فەراهەمکردنی پاراستنی دەستووری ئەم مافانە نابن، لە نموونەی ئەو مافە شارستانیە بنەڕەتیانەی لە دەستووردا هاتوون ئەمانەن:

1- **پاراستنی خاوەنداریەتی تایبەت:** زۆربەی دەستوورەکان گرنگی تایبەت بە پاراستنی خاوەنداریەتی تایبەت دەدەن، بۆیە بە پێویستی دەزانن دەقی لە سەر دابنێن و لە دەستوور جێگیری بکەن، تاوەکو دەسەڵات نەتوانێت بە ئاسانی دەستکاری بکات، بۆیە دەستووری عێراق لە ماددەی 23/یەکەم دەڵێت: " الملكية الخاصةُ مصونة ويحق للمالك الانتفاع بها واستغلالها والتصرف بها في حدود القانون "، هەروەها دەستووری ئیسپانی ساڵی 1978 دەڵێت: " يعترف بحق الملكية الخاصة والميراث "بەڵام هەندێک دەستوور ڕاستەوخۆ دەقیان لە سەر ئەم مافە نەکردوە، بۆ نموونە دەستووری ئوستراڵی لە ماددەی 31/50 دەڵێت: " اكتساب الملكية بشروط عادلة من أي ولاية أو شخص لأي غرض يكون للبرلمان صلاحية لوضع القوانين بشأنه "، لەم ماددەیە دەردەکەوێت، کە دەستووری ئوستراڵی تەنها ئاماژە بە بەدەستهێنانی مافی خاوەنداریەتی لە داهاتوو دەکات، هیچ ئاماژە بە خاوەنداریەتی بەدەستهاتوو ناکات لە کاتی دانانی دەستوورەکە، بۆیە ئەوەی گرنگە بریتییە لەوەی کە زۆربەی دەستووری وڵاتان دەق لە سەر دانان بە مافی خاوەنداریەتی تایبەت دەکەن، تەنانەت هەندێک مافی خاوەنداریەتی بە "پیرۆز" ناوزەند دەکەن، لەوانەش یاسادانەری فەرەنسی لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاونیشتیمانیانی ساڵی 1789 دەڵێت: " الملكية حق

مصون ومقدس، لا يجوز حرمان أي شخص منه..."، دەستووری فەڕەنسی کاتێک بە پیرۆز لە خاوەنداریەتی دەڕوانێت، لەبەرئەو ترسە بوو کە خاوەنداریەتی زۆربەی زەوی و زار هی کەنیسە و چینی خانەدانەکان بوو، بەمەش دەیانویست دووپاتی پاراستنی مافەکانی خۆیان بکەنەوە لە بەرزترین یاسای وڵاتدا، دواتر ئەم فۆرمە بووە فۆرمێکی گشتی و دەسەڵاتدار و خانەدانەکان لە ترسی شۆڕش و هاووڵاتیان ئەم دەقانە لە دەستوور جێگیردەکرێن، واتا، ئەمە لە پێناو پاراستنی ئەو مۆبایلە نیە، کە هەژارێک هەیەتی، یاخود خانوێک، بەڵکو لە پێناو ئەو هەموو زەوی زار و باڵەخانە و مۆڵانەیە، خانەدانەکان دەستییانبەسەرداگرتوە و بە یاسای خاوەنداریەتیەکە بۆ خۆیان جێگیرکردوە، لە لایەکی دیکە ترسی ئیشتراکیەت بۆتە هۆکارێکی دیکە بۆئەوەی خاوەنداریەتی تایبەت بە پیرۆز سەیربکرێت و بڕیار بۆ پاراستنی دەستووری بدرێت (بڕوانە: مەریوان وریا قانع، مرۆڤ و کەرامەت، 165)، هەر لە سەر ئەو بنەمایەشە، پاراستنی خاوەنداریەتی تایبەت تەنانەت لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دەقبەندکراوە و دەڵێت: "لكل فرد حق فی التملک". (الإعلان العالمی لحقوق الإنسان – الماده 17).

کاتێک دەستوور بەم گرنگیەوە دەڕوانێتە خاوەنداریەتی تایبەت مەبەستیەتی پێگەیەکی بەرز بەو مافە بدات، بۆیە دواتر دەسەڵات ئەگەر بۆشی هەبێت بە یاسا ئەو مافانەی کە لە مافی خاوەنداریەتی دەبنەوە دیارییکات، یاخود بە یاسا بۆی هەبێت چەند کۆتوبەندێک بخاتەسەر مافی خاوەنداریەتی تایبەت، بەڵام ناکرێت ئەو ڕێکخستن و کۆتوبەندکردنانە بە جۆرێک بن، کە مافی خاوەنداریەتی لە چییەتی و مەبەستەکەی بەتاڵبکاتەوە و تەنها مافێکی بێناوەڕۆک بمێنێتەوە، بەڵکو پێویستە لە نێوان پاراستنی مافی تاکە کەسی و پێویستی گشتی و سەقامگیری بۆ کۆتوبەندکردنی مافەکە، جۆرێک

لە هاوسەنگی بێتەکایەوە، بۆیە پێویستە ئەم مافە بتوانێت ئەرکە کۆمەڵایەتیەکەی بەدیبێنێت (محمود فريد عبد اللطيف، لا 543).

2- **مافی دەستگەیشتن بە ئاو:** ئاو لە کۆنەوە گرنگیەکی تایبەتی هەبووە، بۆیە گرنگی بە ڕێکخستنی یاسایی ئاو دراوە، پێغەمبەرمان دروودی خودای لە سەر بێت دەفەرموێت: موسوڵمانان هاوبەشن لە سێ شت: (ئاو و پوش و پەلاش و ئاگر) (مسند أحمد بن حنبل، ج5 ص364)، چونکە مرۆڤ ناتوانێت بەبێ ئاو بژیت، نە خۆی، نە کشتوکاڵ و نە ئاژەڵەکانی، بۆیە دەبینین لە دەستوورەکاندا هاتوون و گرنگیان بە ڕێکخستن و دانیاناوە بەم مافە، ئەگەر لە دەستووری عێراق بڕوانین لە ماددەی 110 ئاماژە بە ڕێکخستنی سیاسەتی پەیوەندیدار بە ئاو کراوە، لەبارەی ئەو ئاوانەی نێودەوڵەتین، واتا، سەرچاوەکەیان لە دەرەوەی عێراقە و لەبارەی ئەو ئاوانەی سەرچاوەکەیان لە ناوەوەی عێراقە، ماددەی 114ی تەرخانکردوە، کە تایبەتە بە بەرنامەڕێژی سەرچاوەکانی ئاو و دابەشکردنی، بەمەش کەمتر چۆتە ناو وردەکاری مافەکە و تەنها هێلی گشتی دیارکردوە.

بەڵام ئەگەر لە دەستووری مەغریب بڕوانین، دەبینین لە بەشی 31 ئاماژە بەوە دەکات، هەموو هاوولاتیەک مافی بەدەستهێنانی ئاوی هەیە و پێویستە لە سەر دەوڵەت کار لە پێناویدا بکات، هەروەها دەستووری بۆلیڤیا گرنگیەکی زیاتری بەم بابەتە داوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە ولاتەکە کەمئاوە، تەنانەت لە ساڵی 2016 بە هۆی وشکەساڵیەوە باری نائاسایی ڕاگەیاند (مجلة مال واعمال، 2016)، بۆیە لە پێشەکی دەستووری ساڵی 2009 ئاماژە بە ڕەخساندنی توانای دەستگەیشتن بە ئاو دەکات، پاشان لە ماددەی 16 دەڵێت: " لكل شخص الحق فى الحصول على الماء والغذاء" جگە لەوەش چەند ماددەیەکی دیکەش بۆ ڕێکخستنی مافی دەستگەیشتن بە ئاو تەرخانکراوە.

دەستووری تونسی لە ماددەی 44 دەڵێت: " الحق فی الماء مضمون"، یاسادانەری دەستووری لە باشوری ئەفریقا بە هەمانشێوە بە ماددەیەکی دەستووری دەستەبەری ئاوی خواردنەوە دەکات بەپێی پێویست و دەڵێت: "لکل شخص الحق فی الوصول إلی ما یکفی من الطعام والشراب"، هەروەها دەستووری میسری ساڵی 2014 لە ماددەی 79 دەقی کردوە لە سەر " لکل مواطن الحق فی غذاء صحی وکاف، وماءو نظیف."

لەوەی پێشووتر بە دیاردەکەوێت، هەندێک لە یاسادانەرە دەستووریەکان گرنگیەکی زۆریان بە مافی بەدەستهێنانی ئاو دەدەن، چونکە ئاو سەرچاوەی ژیانە، ئەم گرنگیدانەش لەو وڵاتانە زۆرتر بە دیاردەکەوێت، کە گرفتی کەمئاویان هەیە.

### 3.2 مافە نابنەڕەتیەکان

مەبەست لێی ئەو مافە شارستانیانەن، کە بە زۆری دەستوورەکان گرنگی بە دەقبەندکردنیان نادەن و زیاتر لە سەر ئاستی یاسا ڕێکخستنی تایبەت و وردیان بۆ دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە دەستوورەکان دەقی لە سەر دادەنێن، لە نموونەی ئەم مافانەش وەک:

1- **پاراستنی بەکاربەر:** یاسادانەری دەستووری لە هەندێک وڵات بەو پەڕی بەهاوە سەیری بابەتی پاراستنی بەکاربەر دەکات و لە دەستووردا جێگیری دەکات و دەیکات بە بنەماییەکی دەستووری، بەم شێوازە پاراستنێکی یاسایی بەرز بە بابەتەکە دەدات و ئەمەش وا دەکات بەو پەڕی گرنگیەوە سەیری پاراستنی بەکاربەر بکرێت، چونکە دواجار پاراستنی بەکاربەر لە زۆربەی بەرهەمەکان پەیوەستە بە گیان و سەلامەتی جەستەییانەوە، یاخود پەیوەندیدارە بە پاراستنی ماڵ و سامانیان لە بەهەدەرچوون، لەم دەستوورانەش کە دەقیان لە سەر پاراستنی بەکاربەر کردوە، دەستووری

ئیسپانییە، لە سەر دەسەڵاتی گشتی پێوست کردوە دەستەبەری پاراستنی بەکاربەری بەرهەم و خزمەتگوزاریەکان بکات (دەستووری ئیسپانی ساڵی 1978، ماددەی 1/51) (پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان، ماددەی 28)، تەنانەت هەندێک لە یاسادانەرانی دەستووری بەوەندە نەوەستاون، کە دەوڵەت پابەندبکەن بە پاراستنی بەکاربەر، چونکە بە تەنها دانان بە مافێک بەبێ ئەوەی ئامرازەکانی دەستەبەرکردنی مافەکە دیاریبکات، بەها یاساییەکەی کەمترە وەک لەوەی ئامراز و ڕێگاکانی پاراستنی دیاریبکرێت، بۆیە دەبینین یاسادانەری دەستووری لە ئەرجەنتین بە شێوازێکی دووانەیی لە سەر ئاستی دەستوور کار بۆ پاراستنی بەکاربەر دەکات، بە جۆرێک لە لایەک مافێکی بۆ بەکاربەر دروستکردوە، کە بریتییە لە مافی بەکاربەر لە پاراستنی سەلامەتی و تەندروستی و پاراستنی بەرژەوەندیە ئابووریەکانی، لە لایەکی دیکە زۆر بە ڕوونی هاتوە چەند ئەرکێکی لە سەر دەوڵەت سەپاندوە لە پێناوی دەستەبەرکردنی پاراستنی بەکاربەر، وەک بڵاوکردنەوەی ڕۆشەنبیری بەکاربردن و بەرگریکردن لە کێبڕکێکردن لە بازاڕ و ڕێگریکردن لە قۆرخکاری و دەستەبەرکردنی کوالیتی بەرهەم و خزمەتگوزرایەکان و دامەزراندنی کۆمەڵەی بەکاربەران (دەستووری ئەرجەنتینی ساڵی 1853، ماددەی 42).

2- **مافی خاوەندارێتی هزری**: مافە هزریەکان وردە وردە گرنگی زیاتریان پێدەدرێت و زیاتر پێگەیان لە نێو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا بە دیاردەکەوێت، هەرچەندە هەندێک لە دەستوورەکان بەوەندە دەوەستن، کە دەسەڵاتی ڕێکخستنی بابەتی خاوەنداریەتی هزری بە دەسەڵاتی یاسادانان بسپێرن، تاوەکو یاسای بۆ دەربکات وەک مافی خاوەنداریەتی پیشەسازی و مافەکانی دانەر و داهێنان و ناونیشانی بازرگانی (دەستووری ئوسترالی ساڵی 1901، ماددەی 51، دەستووری ئەڵمانی ساڵی 1949،

ماددەی 73، دەستووری ئیتاڵی، ماددەی 117)، بەشێک دیکە لە دەستوورەکان گرنگی زیاتر بە پاراستنی دەستووری مافی خاوەنداری هزری دەدەن و دەقی تایبەتیان بۆ دیاریکردوە، زیاتر دەچنە ناو وردەکاریەکانی مافەکە و ئازادی بەرجەستەکردنی مافی داهێنان و سوودمەندبوون لەو مافە فەراهەمدەکەن (دەستووری ئۆکرانی ساڵی 1996، ماددەی 54).

دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەقی لە سەر مافی هزری دانەر و داهێنەر کردوە، بەڵام مەرجداری کردوە بە ماوەیەکی دیاریکراو (دەستووری ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکای ساڵی 1789، ماددەی یەکەم/هەشتەم).

3- **مافی کارکردن:** هەموو کەسێک مافی کارکردنی هەیە، بۆئەوەی بتوانێت بە شێوازێکی شکۆمەندانە بژێوی خۆی پەیدابکات، بۆیە دەبینین مافی کارکردن وەک مافێکی دەستووری لێی دەڕوانرێت، زۆربەی یاسادانەرانی دەستووری دەقیان لە سەر کردوە، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە بەشێکی کەمیان زیاتر ئەوانەن، کە بیرۆکەی ئیشتراکیەتیان بە سەردا زاڵە بە جۆرێک لە یەککاتدا هەم بە ئەرک و هەم بە ماف سەیری دەکەن، لە نموونەی ئەم دەستوورانەش دەستووری کۆماری چینی ساڵی 1982 لە ماددەی 1/42، جگە لەمەش لە دیپاچەی دەستووری فەڕەنسیدا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، کارکردن لە هەمانکاتدا هەم مافە و هەم ئەرکیشە (دیباجة الدستور الصادر في 27 من تشرين الأول/أكتوبر عام 1946)، ئەوەی زیاتر وایکردوە ئەم مافە وەک مافێکی دەستووری سەیربکرێت، بریتییە لەوەی کە کارکردن مافی بەدەستخستنی ڕۆزی دەستەبەردەکات، بۆیە ئەم مافەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە مافی ژیان، بۆیە یاسادانەر لە دەستوور جێگیریکردوە (دەستووری ئۆکرانی ساڵی 1996، ماددەی 43).

هەندێک لە یاسادانەرانی دەستووری تەنها ئاماژە بە ماف و ئەرکی کارکردن ناکەن، بەڵکو دێن و ئەرکێکی ئەرێنی لەم بارەیەوە دەخەنەسەر خاوەنکار، بە جۆرێک دەبێت ئەو کرێیەی کرێکار لە بەرامبەر کارەکەی وەریدەگرێت دادپەروەرانەبێت (دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران، ماددەی 45)، هەروەها هەندێکی دیکە لە یاسادانەران مەرجی مرۆڤایەتی بۆ کارکردن دادەنێن، بۆیە ناکرێت بارودۆخی کارکردن بە جۆرێک بێت، بەزەیی و سۆزی تیدا نەبێت، خراپ و نەگونجاو بێت، نابێت کارکردن قۆستنەوەی تێدابێت، پێویستە کرێیەکە بە جۆرێک بێت ژیانێکی شایستەی بۆ دابینبکات، نابێت بە جۆرێک سەیری کرێکار بکرێت، کە تەنها ئامرازێکی کارکردنە، بەڵکو دەبێت وەک هاوبەشی کار سەیری بکرێت و رێزی لێبگیرێت. (دەستووری ئیندۆنیزی ساڵی 1945، ماددەی 23).

لە پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان بە مەرج گیراوە، کە کرێکارەکان کرێی یەکسانیان پێ بدرێت، لە بەرامبەر کاری یەکساندا، واتا، نابێت جیاوازی لە نێوانادا بکرێت، ئەمە زیاتر وەک بەدیهێنانی دادپەروەری لێکدەدرێتەوە، بەڵام زۆرجار یەکسانیکردن ئەرکی بەرجەستەکردنی سەقامگیریش لە ئەستۆدەگرێت، ئەوەی هەستی پێ دەکرێت بریتییە لەوەی پرۆژە دەستووری هەرێم لەم بابەتەش بە تەنگ هێنانەکایەوەی هاوسەنگی نێوان دادپەروەری و سەقامگیری بووە، بۆیە دەڵێت: "لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕێساکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی"، واتا، ئامرازێکی بابەتی بۆ هاوسەنگیکردن داناوە. (پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق، ماددەی 24/ چوارەم).

## 4. ئامرازە دەستوورییەکانی بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان دادپەروەری و سەقامگیری

کاتێک یاسادانەری دەستووری دەیەوێت هاوسەنگی لە نێوان دادپەروەری وسەقامگیری ڕابگرێت، دوو جۆرە ئامراز دەگرێتەبەر، یان ئەوەتە بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ چارەسەری هاوسەنگیەکە دەکات و لە دەستوور جێگیری دەکات، یاخود دێت و ئامرازی دەرەکی دەگرێتەبەر وەک ئەوەی دەزگایەک دیاریدەکات، بۆئەوەی بابەتێک یان کۆمەڵە بابەتێک بڕیار بدات و یەکلاییانبکاتەوە بەمەش دەیەوێت بە ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ هاوسەنگی بەدیبێنێت، هەروەک لەخوارەوە تیشک دەخەینەسەر هەردوو جۆر ئامرازەکە و ڕوونیاندەکەینەوە:

### 4.1 ئامرازە بابەتیە ڕاستەوخۆکان

کاتێک سەیری دەقە دەستووریەکان دەکەین بە ڕوونی بە دیاردەکەوێت، یاسادانەری دەستووری هەندێکجار بەشێوازێکی بابەتی و بە ڕاستەوخۆیی لە چوارچێوەی بڕگە و مادده دەستوورییەکاندا هەڵدەستێت بەهێنانەدی هاوسەنگی نێوان داد و سەقامگیری، واتا، هەوڵدەدات خۆی هاوسەنگیەکە بەدیبێنێت، ئەمەش لەبەر گرنگی و گەورەیی بابەتەکەیە، بۆیە بۆ یاسادانەری ئاسایی جێناهێڵێت، چونکە بەم جۆرە دەیەوێت هێڵێکی گشتی دیارییکات و بەهایەکی گەورە بە بابەتەکە بدات، تاوەکو ببێتە ڕێچکە و ڕێبازی گشت مامەڵە یاساییەکان لە هەر ئاست و دەزگایەکدا بن، بۆئەوەی نەتوانرێت ئەم هێڵەگشتیانە پێشێلبکرێن، چونکە لە ڕوانگەی یاسادانەری دەستووری بە گرنگ و گەورە سەیریانکراوە، لەم ئامرازە بابەتیانەش وەک:

1- **بەرژەوەندی گشتی:** بە شێوەیەکی گشتی دیاریکردنی تێگەی بەرژەوەندیی گشتی جێگای مشتومڕە، واتا کۆدەنگیەکی تەواو لە سەر تێگەکە بوونی نیە، بە جۆرێک بێنتنام پێی وایە، بەرژەوەندیی گشتی بریتییە لە کۆکردنەوە و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی سەرجەم تاکەکان (Christoph bezemek, Tomas Dumbrovsky,p3) ڕۆسۆ بۆ دیاریکردنی تێگەی بەرژەوەندیی گشتی پشت بە ویستی گشتی دەبەستێت، چونکە ئەو

پێی وایە، ویستی گشتی هەمیشە بەرەو بەرژەوەندیی گشتی ئاڕاستە دەبێت، بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیدا گرفتە، چونکە هەر یەکێک لە تاکەکان لە بنچینەدا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی تێدەکۆشێت (Christoph bezemek, Tomas Dumbrovsky, p5) هەندێکی دیکە پێیان وایە، بەرژەوەندیی گشتی تەنها یەک بەرژەوەندیی گشتی نیە، بەڵکو چەند بەرژەوەندیەکی گشتیمان هەیە، ئەمەش بە گوێرەی تێڕوانینە زاڵەکانی کۆمەڵگا گۆڕانی بە سەردا دێت، زیاتر بەرژەوەندیی گشتی لە چوارچێوەی فەلسەفەی سیستەم دەخولێتەوە، نەک فەلسەفەی یاسا، بۆیە بەرژەوەندیی گشتی زیاتر پەیوەندی بەسەقامگیریەوە هەیە نەک دادپەروەری، هەربۆیە دەبینین هەندێک پێیان وایە، ناکرێت تێگەی بەرژەوەندیی گشتی دیاریبکرێت، چونکە لە گۆڕانی بەردەوامدایە، بۆیە دەبینین لە فەرەنسا پشتبەست بە بەرژەوەندیی گشتی بڕیاری قەدەغەکردنی حیجاب دەردەکرێت، ئەمەش دوپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە بەرژەوەندیی گشتی پێوەرێکە لە فەلسەفەی سیستەمەوە سەرچاوە دەگرێت نەک فەلسەفەی یاسا (Christoph bezemek, Tomas Dumbrovsky, p10).

بۆیە دەبینین یاسادانەری دەستووری پەنا دەباتەبەر بەرژەوەندیی گشتی و وەک ئامراز و ئالەتێک بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان دادپەروەری و سەقامگیری، بە جۆرێک ڕێگا دەدات خاوەندارێتی تایبەت لە کەسێک بسەندرێتەوە و بدرێتە دەوڵەت، بەڵام مەرجی بەرژەوەندیی گشتی بۆ دیاریکردوە، بەمەش دەیەوێت جۆرێک لە سەقامگیری بەدیبێنیت و سیستەم و خۆشگوزەرانی گشتی دەستەبەربکات لە سەر حیسابی قوربانیدان بە خاوەندارێتی تایبەت، کاتێک یاسادانەری دەستووری ڕێگا بە خۆی دەدات دەست بۆ خاوەنداریەتی تایبەت ببات، مەبەست لێی بەدیهێنانی دادپەروەری نیە، بەڵکو مەبەست

بەرقرارکردنی سەقامگیرییە، بە تایبەت کاتێک وەک بەرژوەندیی گشتی پێناسەی دادپەروەری نەکەین.

2- **قەرەبووکردنەوە:** قەرەبووکردنەوە وەک ئامرازێکی ڕاستەوخۆ زۆرجار بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان سەقامگیری و دادپەروەری پەنای بۆ دەبردرێت (پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، ماددەی 19/سێیەم)، بەڵام وەک لە پێشتر باسمانکرد لەبەر گرنگی بابەتی خاوەندارێتی، دەستوورەکان دێن و گرنگیەکی تایبەت بە بابەتی پاراستنی مافی خاوەندارێتی دەدەن، بۆیە هەندێک بە پیرۆز سەیریدەکەن، بەڵام لە بەرامبەریشدا هەندێک لە دەستوورەکان دێن و مافی لێسەندنەوەی خاوەندارێتی تایبەت بە دەسەڵاتی گشتی دەدەن، لێرەدا دەوڵەت لە نێوان دوو بەرژەوەندی دژیەکدایە، بەرژەوەندیەکیان بریتییە لە بەرژەوەندیی گشتی و بەرژەوەندیەکیان بریتییە لە بەرژەوەندیی تایبەت، بۆ نموونە زەویەکی بەتاڵ هەیە خاوەنەکەی دەیکاتە باڵەخانەیەکی بازرگانی و ساڵانە قازانجێکی زۆر بۆ خاوەنی موڵکەکە بەدەستدەهێنێت، بەڵام بەرژەوەندیی گشتی وادەخوازێت شوێنی باڵەخانەکە بکرێتە پارکێکی گشتی، لێرەدا یاسادانەری دەستووری مافی لێسەندنەوەی خاوەندارێتی تایبەت بە دەوڵەت دەدات لە بەرامبەر قەرەبووکردنەوەی خاوەنی باڵەخانەکە. بەم جۆرە دەبینین یاسادانەری دەستووری دەیەوێت جۆرێک لە هاوسەنگی بێنێتەدی، بە جۆرێک هەم بتوانین جۆرێک لە سەقامگیری و بەرژەوەندیی گشتی بەدیبێنین، هەم ئەم بەرژەوەندیی گشتیە بە جۆرێک نەبێت ببێتە هۆکاری لە ناوبردنی مافی کەسێکی دیکە بە تەواوی بۆیە ئامرازی هاوسەنگیرکردنەکە بریتییە لە قەرەبووکردنەوە، هەرچەندە لەم بارەدا قوربانی بە مافی خاوەندارێتی دەدرێت و ڕەنگ بێت خاوەنەکەی نەیەوێت موڵکەکەی بکرێتە پارکێکی گشتی و بەڵکو دەیەوێت بیکاتە خانوو یاخود باڵەخانە، بۆیە لەم بارەدا قوربانی بە بەشێک لە ماف دەدرێت، ئەم

قوربانیدانە گرنگ و پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئەم هاوسەنگیەی کە یاسادانەر مەبەستیەتی، بۆیە دەبینین قوربانیدان بە مافی تایبەت بەستراوەتەوە بە سێ مەرج:

أ- **قەرەبووکردنەوەکە دادپەروەرانە بێت**: کاتێک یاسادانەر بە پێویستی دەزانێت قوربانی بە مافی تاکەکەسی بدات لە پێناو بەدیهێنانی سەقامگیری، دەیەوێت قوربانیدانەکە ببەستێتەوە بە بنەمای دادپەروەری، بۆیە دەبینین هەندێک ئاماژە بەوە دەکەن یاخود مەرجی دادپەروەربوونی قەرەبووکە دادەنێن، هەروەک یاسادانەری دەستووری میسری دەڵێت: " ولا تنزع الملكية إلا للمنفعة العامة ومقابل تعويض عادل يدفع مقدما وفقا للقانون" (دەستووری میسری ساڵی 2014، ماددەی 35) بۆیە پرسیارێک دێتە پێش، ئایا چ کاتێک قەرەبووکردنەوە دادپەروەرانە دەبێت؟ بە تێڕوانینی ئێمە و لە ئەنجامی وردبوونەوە لە بەشێک لە دەستوورەکان دادپەروەربوونی قەرەبوو پەیوەستە بە دوومەرجی سەرەکی، کە ئەمانەن:

ب- **گونجانی قەرەبوو**: دەستووری ئیسپانی لە ماددەی 1/33 دەڵێت: ناکرێت هیچ کەس لە موڵک و مافەکانی بێبەشبکرێت، تەنها لە پێناو سوود و بەرژەوەندیی گشتی نەبێت، قەرەبوویێکی گونجاوی پێدەدرێت بە گوێرەی یاسا، بۆیە کاتێک دەڵێین قەرەبووەکە دەبێت گونجاو بێت یاخود دادپەروەرانە بێت (منصف) ئەمە تەنها بەهای بازاڕی عەقارەکە ناگرێتەوە، بۆ نموونە ئەو موڵکەی دەمانەوێت خاوەندارێتیەکەی لە کەسێک وەربگرینەوە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی، ئەگەر نرخی عەقارەکە بریتی بێت لە 25000000 دیناری عێراقی، پێدانی ئەو برە پارەیە بەس نیە، تاوەکو قەرەبووەکە بە دادپەروەرانە هەژماربکرێت، بەڵکو پێویستە لایەنی واتاییش لە قەرەبووەکە ڕەچاوبکرێت، بۆ نموونە نەهێشتنی گوند یاخود گەڕەکێک بە تەواوی، ئەمە جگە لە قەرەبووە مادییەکە

قەرەبووەکە لە سەر ڕەگەزی واتاییش دادەمەزرێت و بەهایەکە زیاتر دەبێت لە بەهای بازاڕی موڵکەکە (حیدر فلیح حسن، 2020، لا 86).

ت- **قەرەبووکردنەوەکە پێشوەختە بێت:** پێویستە قەرەبووکردنەوە پێشوەختە بێت، ناکرێت دەست بە سەر خاوەندارێتی تایبەتدا بگیرێت و پاشان قەرەبووبکرێتەوە، چونکە ئەگەر ساڵێک زەویمان لە خاوەنەکەی وەرگرتەوە، لەوانەیە ئەم زەویە کشتوکاڵیە ساڵانە داهاتەکەی 10 ملیۆن دیناری عێراقی بێت، بۆیە هەر ساڵێک قەرەبووەکەی دوابکەوێت، ئەو کەسە لە دوو لایەنەوە زیاندەکات، لایەنی یەکەمیان ساڵانە بڕی 10 ملیۆن دینار، جگە لەوەش ئەگەر قەرەبووەکەی وەربگرێت، ئەوکاتە دەتوانێت خانوو یاخود زەویەکی دیکەی پێ بکڕێت و قازانجی دەستبکەوێت، ئەمە جگە لە ڕاڕایی و دوودڵی و زیانی واتایی، کە بە کەسەکە دەکەوێت، بۆیە دەبینین هەندێک لە وڵاتان مەرجی سووی 6% بۆ خاوەنەکەی بڕیار دەدەن لە بەرامبەر دواکەوتنی قەرەبووەکە بۆ هەر ساڵێک (حیدر فلیح حسن، لا 88)، بۆیە دەبینین هەندێک لە یاسادانەرە دەستوورییەکان مەرجی قەرەبووی پێشوەختە دادەنێن (دەستووری میسری ساڵی 2014، ماددەی 35) ئەمەش زیاتر مەبەست لێی بەدیهێنانی هاوسەنگیە لە نێوان بەرژەوەندیی گشتی و مافی تاکەکەسی، بەڵام دەستووری عێراقی مەرجی قەرەبووی پێشوەختەی دانەناوە، هەروەک لە ماددەی 23/دووەم دەڵێت: (ناکرێت خاوەندارێتی لە خاوەنەکەی بسەنرێتەوە تەنها بە ئامانجی سوودی گشتی نەبێت بەرامبەر قەرەبوویەکی دادپەروەرانە، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت) بۆیە دەکرێت بە یاسا بە مەرج بگیردرێت و هیچ جۆرە دژیەکیەک دروست ناکات لەگەڵ دەستوور، بەڵام ئەگەر دەستوور بڕیاری بە مەرجگرتنەکە بدات، ئەوکاتە پاراستنێکی یاسایی بەهێز بە مافی تایبەت دەدەین.

3- **کاتیەتی (التأقیت):** بە شێوەیەکی گشتی یاسادانەری دەستووری پەنادەباتەبەر کاتی بوونی زۆرێک لە ماف و دەسەلاتەکان لە پێناو بەدیهێنانی سەقامگیری و دادپەروەری، وەک ئەوەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن بە زۆری چوار ساڵیان پێ دەدرێت و دەبێت هەڵبژاردن دووبارە بکرێتەوە، بۆیە کاتی بوون ئامرازێکی بابەتیە و یاسادانەر دەکرێت لە زۆرێک لە ماف و دەسەڵاتەکان پەنای بۆ ببات، تەنانەت لە سەر ئاستی مافە شارستانیەکان، هەندێک لە دەستوورەکان پەنا دەبەنە بەر کۆتبەندکردن و لێسەندنەوەی هەندێک ماف  بە شێوەیەکی کاتی، واتا، لێرەدا خاوەنداریەتیەکە بە تەواوی لە خاوەنەکەی ناسەندرێتەوە، بەڵکو دەکرێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێت، ئەمە بابەتەش فراوانترە لە دەستبەسەرداگرتنی کاتی (الاستیلاء المؤقت) (محمد طه البشیر، د.غنی حسون طه، لا 67) چونکە دەکرێت جگە لە موڵکداری(عەقار) شتی دیکەش بگرێتەوە، وەک یاساغکردنی خاوەنداریەتی چەک و ماددەی تەقەمەنی و پێکهاتەکانی تەنها لە کاتی شەڕ، بۆیە دەبینین هەندێک لە یاسادانەرە دەستووریەکان، کاتێک دەیانەوێت حوکم و بنەمایەکی دەستووری دابڕێژن، بە ئاگان لە هەردوو مەبەستە سەرەکیەکەی یاسا، بۆیە دەبینین دوو کۆتبەند دادەنێن یەکێکیان بریتییە لە ئاسایشی نیشتیمانی و دووەمیان بریتییە لە کاتی بوون، بۆیە دەبینین لە ماددەی 72 لە دەستووری بیرۆی ساڵی 1993 دا هاتوە: " يجوز للقانون، وفقط لأسباب تتعلق بالأمن القومي، أن يضع بشكل مؤقت قيوداً خاصة ويحظر اقتناء أنواع معينة من الممتلكات وحيازتها واستغلالها ونقلها".

مەبەست لە ئاسایشی نیشتیمانی بریتییە لە (دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی دەوڵەت و کۆمەڵگا لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە لە پێناو بەدیهێنانی ڕەزامەندی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا) (شعيب محمد، عرعار وسام، لا 353)، بۆیە کۆتبەندکردنی کاتی و بەستانەوەی بە ئاسایشی نیشتیمانی بریتیە لە پاراستنی هاوسەنگی نێوان سەقامگیری

و دادپەروەری، بە جۆرێک مافی بنەڕەتی خاوەنەکەی دەپارێزرێت، پاشان دوای تەواوبوونی ماوەکە مافەکە بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێندرێتەوە، یاخود دەسەڵات مافی یاساغکردنی خاوەنداریەتی هەندێک شتی هەیە بە مەبەستی پاراستنی سەقامگیری گشتی، بەڵام بە ڕەهایی نیە، هەرچەندە ئەمەش مەترسی خۆی هەیە، بەڵام هەرچۆنێک بێت دەگەین بەو ئەنجامەی، کە کاتی بوون یەکێکە لەو ئامرازانەی یاسادانەری دەستووری بە مەبەستی هاوسەنگیکردنی نێوان دادپەروەری و سەقامگیری پەنای بۆ دەبات.

4- **بەدەرکردن و یاساغکردن:** زۆرجار یاسادانەری دەستووری، کاتێک ماف و ئازادی بە گەل یاخود چینێکی دیاریکراو دەدات، مەبەستی بەدیهێنانی دادپەروەریە، بۆیە کاتێک هەندێک دەڵێن: "هەموو کەس مافی ئازادی ڕادەربڕینی هەیە" (پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق، ماددەی 19/دەیەم)، لە پێناو بەدیهێنانی دادپەروەری ئەم مافە بڕیاردراوە، بەڵام ئەگەر بێت و مافەکە بەم شێوازە بە ڕەهایی بڕوات ئەوکاتە لە جیاتی بەدیهێنانی دادپەروەری دەبێتە هۆی هێنانەدی ناسەقامگیری لە کۆمەڵگا، پاشان خودی مەبەستی دادپەروەریش نایەتەدی، بۆیە لە دوای پێدانی ماف هەندێک کار بەدەردەکات لە مافە بنەڕەتیەکە، بۆ نموونە، لە پرۆژەی دەستووری هەرێم لە دوای ئەوەی بڕیاری لە مافی ئازادی داوە، دەڵێت: "ئەم مافە توانج و تەشەرە و دەستدرێژی بۆ سەر مافی خەڵکی دیکە و سوکایەتی بە پیرۆزییە ئایینیەکان و هاندان و توندوتیژی و برەوپێدانی ڕق و کینە لە نێو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان-عێراق ناگرێتەوە" بەم شێوازە یاسادانەر دەتوانێت هاوسەنگی لە نێوان هەردوو مەبەستە یاساییەکە بەدیبێنێت و هەم دادپەروەری و هەم سەقامگیری بەرپابکات.

5- **دادپەروەری ئابووری:** مەبەست لە دادپەروەری ئابووری، بریتییە لە دابەشکردنی داهات بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بە جۆرێک هەر کەسە و

بە قەد تێکۆشانی خۆی سوودمەند بێت لە سەرچاوە ئابوورییەکان (د. جیهاد صبحی القطیط، دور العدالة الاقتصادیة فی تعزیز الانتماء الوطنی، لا 199) بۆیە ئەگەر کرێکارە دەبێت کرێیەکی کەمتر لەوەی پێ نەدرێت، کە شایەنیەتی. ئەگەر فەرمانبەرە نابێت کارەکەی ببێتە هۆی لە دەستدانی شکۆ و کەرامەتی و ڕێگر بێت لە دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ خۆی و خێزانەکەی. ئەگەر جوتیارە نابێت بە شێوازێک کێبڕکێی بکرێت، کە بەرهەمەکانی نەتوانن بە قەد هەوڵ و ماندووبوونی دەستکەوت و قازانجی بۆ بەدەستبێنێت.

بۆیە دەبینین هەندێک لە یاسادانەران لە دەستوور دەقی تایبەت دادەنێن لە سەر کرێی کرێکار، کە پێویستە کرێیەکەی دادپەروەرانە بێت، هەروەک دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماددەی 45 دەڵێت: "لکل إنسان الحق فی العمل وفی الحصول علی مقابل منصف ومجد نظیر عمله..."، هەروەها لە ماددەی 347 لە دەستووری هندۆراس ساڵی 1982 دا هاتوە، دەڵێت: "" یفضل أن یهدف الإنتاج الزراعی إلی تلبیة الاحتیاجات الغذائیة لسکان هندوراس، فی إطار سیاسة إمدادات مناسبة وأسعار عادلة بالنسبة إلی المنتج والمستهلک"، لێرەدا یاسادانەری دەستووری دەیەوێت، دادپەروەری ئابووری بەدیبێنێت، لەم پێناوە دێت و بە پێویستی دەزانێت، کە نرخی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان دادپەروەرانە بێت، سەبارەت بە بەرهەمهێنەر و بەکاربەر، بەمەش تەنها لە خەمی پاراستنی جوتیار نەبووە، بەڵکو بەم کارەی ڕێگریشی کردوە لە قۆرخکاری و استغلال لە لایەن جوتیارانەوە، بۆیە ئەمە وا دەکات، سەقامگیری بێتەکایەوە، سەقامگیریەک کە لە هەناوی دادپەروەریەوە سەرچاوەی گرتبێت، ڕاستەقینەیە و درێژخایەن دەبێت.

هەروەها ئاو کە پێویستیەکی زۆر گرنگە، بەشێک لە یاسادانەرانی دەستووری بە گرنگیەوە لێی دەڕوانن، هەروەک لە پێشتر ئاماژەمان پێی کرد، بۆیە بە پێویست زانراوە، ئاو بە شێوازێکی دادپەروەرانە دابەشبکرێت، ناکرێت هەندێک شوێن و ناوچە بە تەواوی

ئاو قۆرخبکەن و هەندێکی دیکە لێی بێبەش بن، بۆیە یاسادانەری عێراقی لە ماددەی 110 ئاماژە بە دابەشکردنی ئاو دەکات لە ناوەخۆی عێراق بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.

بۆیە هەر کاتێک یاسادانەری دەستووری لە پێناو بەدیهێنانی دادپەروەری ئابووری بڕیار بدات بە دادپەروەربوونی شتەکان، بەم جۆرە دەیەوێت، هەم دادپەروەری بەدیبێنێت و هەم سەقامگیریش بەرپابکات، چونکە ئەگەر سەقامگیریەک لە سەر بنەمای دادپەروەری سەرچاوەی گرتبێت، ڕەگداکوتاو و بەردەوام دەبێت، بەڵام کاتێک دەوڵەت بیەوێت لە سەر بنەمای توندوتیژی و هێز سەقامگیری بەرپابکات ئەوکاتە سەقامگیریەکە بە جۆرێکە تۆی پشێوی و ستەم و ناسەقامگیری لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت و دەکرێت هەرکاتێک سەقامگیریەکە تێکبچێت.

## 4.2 ئامرازە ناڕاستەوخۆکان

زۆرجار دەستوور بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی حوکمەکانی هەڵناستێت بە هێنانەدی ئەو مەبەستەی، کە دەیەوێت، بەڵکو شێوازێکی دوورتر و ناڕاستەوخۆ دەگرێتەبەر، ئەمەش لەوانەیە لە زۆرێک لە حاڵەتەکان وا باشتر بێت، ئەم شێوازە پەیڕەوبکرێت، وەک ئەوەی بەدیهێنانی هاوسەنگیکردن، پێویستی بە تێڕوانینی تایبەتی حاڵەتەکان هەبێت، بۆیە گرتنەبەری ئامرازە ناڕاستەوخۆکان بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان دادپەروەری و سەقامگیری گرنگ و پێویستە هەروەک لەخوارەوە باسیدەکەین:

### 4.2.1 دادگای دەستووری

دەستوورەکان بە پێویستی دەزانن، کە دادگایەکی دەستووری باڵا دابنێن، بۆئەوەی دواتر ئەم دادگا دەستوورییە سەیری دەستووری بوونی یاساکان بکات، لە چوارچێوەی ئەم پرس و یاسایانەی، کە دەستوور سەیریدەکات، یاسا و پرسی شارستانی بوونیان هەیە، بۆیە دەبینین،

ئەم دادگا باڵایە ڕۆڵێکی کارا دەبینێت لە بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان دادپەروەری و سەقامگیری، ئەم کارەش بە چەندین شێواز بە ئەنجام دەگەیەنرێت، لەوانەش چاودێری پێشوەختە و ڕاڤەکردنی دەستوور، کە بریتییە لە کارەکانی دادگای دەستووری باڵا، هەروەک لەخوارەوە ئاماژەی پێدەکەین:

1- **ڕاڤەکردنی دەستووری**: ڕاڤەکردنی دەقە دەستووریەکان بەوەی لە دەسەڵاتی دادگای دەستووری یاخود لە کاتێک هیچ دەقێک لە دەستوور ئەو دەسەڵاتەی نەدابێت، جێگای مشتومڕ و ناکۆکی نێوان یاساناسان بێت، بەڵام هەندێک پێیان وایە، بەبێ ڕاڤەکردنی دەقە دەستووریەکان دادگا ناتوانێت کاری چاودێری دەستووری بوونی یاساکان بە ئەنجام بگەیەنێت، بۆیە دەبینین دادگای باڵا لە میسر بەبێ ئەوەی دەقێک بوونی هەبووبێت دەقە دەستووریەکانی ڕاڤەکردوە (د.محمود فريد عبد اللطيف، لا 125 و 152 و 155)، بەڵام دادگای باڵای اتحادی لە عێراق بەگوێرەی ماددەی 93/دووەم دەسەڵاتی ڕاڤەکردنی دەقە دەستووریەکانی هەیە، بۆیە دەبینین لە بڕیاری ژمارە 136ی ساڵی 2023 واتای وشەی (ثوابت) لە ماددەی 2ی دەستووری ساڵی 2005 ڕاڤەکردوە بەوەی جێگیرەکانی ئیسلام "هەر شتێکە کە ئیجتهادی تێدانیە".

2- دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کەیسی Allgeyer v. Louisiana، 165 U.S. 578 (1897)هەڵسا بە ڕاڤەکردنی وشەی "ئازادی" کە لە هەمواری چواردەیەمی دەستووری ئەمریکیدا هاتبوو: " ...لا يجوز لأية ولاية أن تحرم أي شخص من الحياة أو الحرية أو الممتلكات دون مراعاة الإجراءات القانونية الأصولية..."، واتا، هیچ ویلایەتێک بۆی نیە، هیچ کەسێک لە ژیان و ئازادی و سامانەکەی بێبەش بکات، بەبێ ڕێکاری یاسایی دروست، بەڵام ویلایەتی لویزیانا یاسایەکی دەرکرد، بهگوێرەی ئەم یاسایە هیچ کەس و کۆمپانیایەک بۆی نەبوو لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیمەی دەریایی گرێبەست ئەنجام بدات، تەنها

ئەگەر کۆمپانیا بیانیەکە نوێنەری فەرمی لە ویلایەتەکە هەبێت، بەڵام دادگای باڵا هەڵسا بە ڕاڤەکردنی وشەی "ئازادی"، لە ڕاڤەکردنەکەیدا پێی وابوو "ئازادی" ئازادی بەستانی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکانیش دەگرێتەوە، هەرچەند تۆماریش نەکرابن، بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین ئەم ڕاڤەکردنە دەستووریە زۆر بە ڕوونی دەبینین، کە دادگای دەستووری مەبەستی بووە جۆرێک لە هاوسەنگی لە نێوان دادپەروەری و سەقامگیری بەدیبێنێت، بۆیە دێت و پارێزگاری لە مافی کەسەکان دەکات، بەوەی مافی بەستانی گرێبەستیان هەیە بەشێوەیەکی ئازادانە، ئەم مافەش مافێکی بنەڕەتی و دەستووریە، یاساکان ناتوانن کۆتبەندی بکەن، لە لایەکی دیکە کاتێک دادگای باڵا دێت و یاسا یاخود بەشێک لە یاسایەک پوچەڵدەکاتەوە، نەک تەنها ماف دەپارێزێت و دادپەروەری بەدیدەهێنێت، بەڵکو بەم جۆرە دەیەوێت جۆرێک لە سەقامگیری بەرپابکات، بەڵام سەقامگیریەکی ڕاستەقینە، کە لە هەناوی پاراستنی ماف و دادپەروەریەوە سەرچاوەی گرتوە، دەیەوێت سەقامگیریەک بینابکات، کە لە سەر بنەمای ڕەچاوکردنی پلەبەندی یاساکان و سەروەری یاسا هاتبێتەکایەوە، نەک سەقامگیریەک کە ماف و ئازادیەکانی بۆ بکاتە قوربانی، بێگومان ڕاگرتنی ئەم هاوسەنگیە بریتییە لە ڕەنگدانەوەی دوو بنەمای دادپەروەری و سەقامگیری لە سەر دادگای باڵای دەستووری.

ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە، بریتییە لەوەی دادگا تەنها کاتێک دەتوانێت وشە یاخود بڕگە و ماددەیەک ڕاڤەبکات، کاتێک دوو واتا یان زیاتر هەڵبگرێت، بەڵام هاوسەنگیرکردن لە نێوان سەقامگیری و دادپەروەری وا دەخوازێت، ئەو واتایە هەڵببژێردرێت کە لۆژیکیەت (مەعقولیەت)ی تێدایە، چونکە مەعقولیەت وا دەکات، خەڵک هەست بە ئاسایشی یاسایی بکات، لەبەرئەوەی تێڕوانینە دەستووریەکان بە جۆرێک دەبن، لەگەڵ عەقڵی تەندروست و ویژدانی زیندوی زۆرینەی کۆمەڵگا یەکدەگرێتەوە، بەمەش هیچ جۆرە ئینحیازێک ڕوونادات، چونکە هەڵبژاردنی ئەو واتایەی مەعقولیەتی تێدایە، دەبێتە هۆی پاراستنی ماف و بەدیهێنانی

دادپەروەری، لە لایەکی دیکەش بەرژەوەندیی گشتیش بەدیدێنێت. بۆیە لەگەڵ دادپەروەری سەقامگیریش بەدیدێنێت. بەمەش هاوسەنگیەکی تەواوەتی لە نێوان هەردوو مەبەستەکەی یاسا دێتەکایەوە (إلمار دريدجر، لا 71 و 72)، لەم چوارچێوەیەش لە کەیسی (Columbia v.Heller) دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مافی هەڵگرتنی چەک، کە لە هەمواری دووەمی دەستووری ئەمریکیدا هاتوە، بە ڕەهایی لێکناداتەوە، بەڵکو جۆرێک لە مەعقولیەتی پێ دەدات. ئەمەش وا دەکات هاوسەنگی لە نێوان دادپەروەری و سەقامگیری بێنیتەکایەوە، چونکە دادپەروەری وا دەخوازێت، کە هاووڵاتیان مافی هەبوون و بەکارهێنانی چەکیان هەبێت بۆ مەبەستی ڕەوا، وەک بەرگریکردن لە خۆیان و سامانیان. لە کاتێک دەسەڵاتی گشتی ئامادەی گۆڕەپانی مەترسیەکە نابێت، بەڵام سەقامگیریش وا دەخوازێت ئەم مافە ڕەها نەبێت، چونکە ئەگەر جگە لە حاڵەتی ڕەوا و شەرعی ڕێگای بەکارهێنانی چەک بدرێت، ئەوکاتە سەقامگیری لەناودەچێت، بە پێچەوانەوە هەم سەقامگیری و هەم دادپەروەری بەیەکەوە دێنەکایەوە. (د. محمود فريد عبد اللطيف، لا 144).

3- **ئامرازی ڕێکاری:** زۆرجار دەستوور پەنا دەباتەبەر بەستانەوەی کۆتبەندکردنی هەندێک لە ماف و ئازادیەکان بە دەرکردنی بڕیارێکی دادگای تایبەت بە کەمکردنەوە و لێسەندنەوەی ماف یان ئازادیەکە.، هەروەک ماددەی 15 لە دەستووری عێراقی ساڵی 2005 دا هاتوە: "لكل فرد الحق فی الحياة والأمن والحرية، ولايجوز الحرمان من هذه الحقوق أو تقييدها إلا وفقا للقانون، وبناء على قرار صادر من جهة قضائية مختصة "، بەم جۆرە دەبینین، هەموو تاکێک مافی ژیان و ئاسایش و ئازادی هەیە، ئەم مافە مافێکی بنەڕەتیە، دەستوور پاراستنێکی یاسایی بەهێزی بۆ بڕیارداوە، بۆیە دەسەڵات ناتوانێت لەخۆیەوە دەستکارییان بکات، چونکە ئەم مافانە پەیوەندیدارن بە کەرامەتی مرۆڤەوە، بۆیە دەبێت دادگا وەکو بابەتێکی تایبەت سەیری پرسەکەیان بکات و باوەڕی بۆ دروست

ببێت، ئەوکاتە بڕیارێکی تایبەتی بۆ دەربکات، ئەگینا دەسەڵات لە خۆیەوە ناتوانێت دەستکاری بکات، لێرەدا دەستوور بڕیاری دادگای کردۆتە ڕێککارێکی پێویست بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان دادپەوەری و ئاسایش، جگە لە بڕیاری دادگاییەکە، پێویستە ئەو بڕیارە پشتبەست بە یاسایەکی تایبەت دەرکرابێت و ڕێوشوێنە یاساییەکان بەهەند وەرگیرابن، بۆیە دەرکردنی بڕیارەکە ڕێککاریەکی پێویستە و مەبەست لە بڕیاردانیشی بریتییە لە بە ئاگایی یاسادانەری دەستووری لە بەرامبەر شکۆی تاکەکان و پاراستنی کەرامەتیان، بەڵام لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ماددەی (19/دووەم)دا هاتوە، "هەموو کەس مافی ژیان و ئازادی هەیە و بە یاسا نەبێت نابێت هیچ کەس لێیان بێبەش بکرێت یان لێی بەرتەسک بکرێتەوە"، بۆیە دەبینین پرسەکە لە پڕۆژەی دەستووری هەرێم نەبەستراوەتەوە بە بڕیاری دادگا، بەڵکو بەگوێرەی یاسا ڕێکدەخرێت، بەڵام لەبەر گرنگی و پەیوەندیداری مافەکان بە کەرامەتی مرۆڤ، وا باشترە بڕیاری دادگایی بکرێتە هۆکاری بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان دادپەروەری و سەقامگیری، هەروەک چۆن لە برگەی حەوتەمی هەمان ماددەدا کارێکی زۆر باشی کردوە، کە ڕێگانادات بەبێ فەرمانی دادوەری هیچ کەس بچێتە ناو ماڵی کەسێکی دیکە و بیپشکنێت یاخود بیخاتە ژێر چاودێریەوە.

4- **چاودێری پێشوەختە:** هەندێک لە یاسادانەرانی دەستوور چاودێری دەستووری پێشوەختە دادەنێن بۆ پڕۆژەیاساکان. واتا، لە دوای ئەوەی پەرلەمان سەرجەم ڕێکایەکانی لەبارەی دەرکردنی یاسا تەواوکرد، پڕۆژە یاسایەکە ناچێتە بواری جێبەجێکردن تاوەکو ئەو لایەنەی کە دەستوور دیاریکردوە بڕیار نەدات، بەوەی یاسایەکە دەستوورییە یان نادەستووری، بەڵام هەندێک لە دەستوورەکان چاودێریکردنەکە بە پێویست دەزانن و دەبێت بکرێت، هەندێکی دیکە تەنها دەسەڵات دەدەن بە لایەنێک دەتوانێت پیادەی

دەسەڵاتەکەی بکات یاخود نا، واتا، جۆرێک لە سەرپشککردنی تێدایە، (د. یوسف عبد المحسن، لا 132) ئەمەش کاریگەری زۆر باشی دەبێت، بۆئەوەی یاساکان بەر لەوەی بچنە بواری جێبەجێکردن، دادگای دەستووری دڵنیادەبێتەوە، کە یاساکان هاوسەنگی نێوان دادپەروەری و سەقامگیری بەدیدەهێنن، چونکە لە بنچینەدا دەستوور هەمیشە هەوڵی بەدیهێنانی ئەم هاوسەنگیکردنە دەدات، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە، ئەم جۆرە چاودێریە بە هەردوو شێوازەکانی لە دەستووری عێراقی ساڵی 2005 بوونی نیە، بەڵام ئێمە بوونی ئەم چاودێریە بە پێویست دەزانین، چونکە دەبێتە هۆی ڕێگریکردن لە ڕوودانی زیان نەک لادانی دوای زەرەرمەندبوونی کەسانێک، یاخود زاڵبوونی مەبەستێک بەسەر ئەوەی دیکەدا.

## 5. ئەنجام و ڕاسپاردە

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجام و ڕاسپاردەیەک لە گرنگترینیان:

**یەکەم: ئەنجام**

1- بەدیهێنانی دادپەروەری مەبەستێکی گەورە و سەرەکی یاسادانەری دەستووریە، بۆیە لە سەرجەمی دەستوورەکان گرنگیەکی زۆری پێدراوە و بە ڕوون و ئاشکرایی ئاماژەی پێ دەکەن.

2- لەگەڵ ئەوەی بەدیهێنانی سەقامگیری یەکێکە لە مەبەستەکانی یاسادانەری دەستووری، بەڵام بە دەگمەن نەبێت بە ڕوونی ئاماژەی پێنەدراوە.

3- گرنگیپێدان و ڕەچاوکردنی سەقامگیری لە ڕێگەی دەقبەندکردنی شوێنەوارەکانیەوە زیاتر بە دیاردەکەوێت، وەک نەگەڕانەوەی یاساکان بۆ پێش خۆی، پلەبەندی یاساکان.

4- ڕادەی بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان داد و سەقامگیری، بەڵگەیە بۆ ڕادەی سەرکەوتوویی دەستوور.

5- دەستوور ڕۆڵێکی کاریگەر و گەورە دەبینێت لە بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان داد و سەقامگیریدا، ئەم هاوسەنگیە دەبێتە بنەمایەکی گەورە بۆ دادگاکان تاوەکو لە سەر هەمان ڕێچکە و ڕێباز بڕۆن.

6- یاسادانەری دەستووری چەندین شێواز و ئامرازی جیاواز دەگرێتەبەر لە پێناو بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان دادپەروەری و سەقامگیری، لەوانەش قەرەبووکردنەوە و دادپەروەری ئابووری، دادگای دەستووری و بەرژەوەندیی گشتی.

7- دادگای دەستووری دەتوانێت ڕۆڵێکی زۆر کارا بگێڕێت لە ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان داد و سەقامگیری لە ڕێگای چاودێری پێشوەختە یاخود لە ڕێگەی ڕاڤەکردنی دەق و برگە دەستووریەکان .

**دووەم: ڕاسپاردەکان**

1- لە کاتی داڕشتنی دەستوور پێویستە وەک بنەمایەکی گشتی بە دەقێکی ئاشکرا ئاماژە بە پێویستی ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان داد و سەقامگیری بکرێت.

2- پێویستە چاودێری پێشوەختە لە لایەن دادگای دەستووریەوە بخرێتەسەر پڕۆژە یاساکان بۆ دڵنیابوونەوە لە دەستووریبوون و ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان داد و سەقامگیری.

3- لە داڕشتنی دەستووردا گرنگی تایبەت بە بنەماکانی دادپەروەری ئابووری و کۆمەڵایەتی بدرێت، بە مەبەستی بەرقەرارکردنی سەقامگیریەکی ڕاستەقینە، کە لە هەناوی دادپەروەریەوە سەرچاوەی گرتبێت.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێبەکان

- أبوبكر علي محمد أمين، العدالة مفهومها ومنطلقاتها، دار الزمان، 2010.

- أحمد بن حنبل أبو عبدالله الشيباني، مسند الإمام أحمد بن حنبل، مؤسسة قرطبة – القاهرة.

- إلمارد دريدجر، ترجمة: أ.د. محمد أحمد سراج، د. أحمد علي ضبش، تفسير القوانين النص والسياق والتفسير المقاصدي، 2021، لبنان.

- جيهاد صبحي القطيط، دور العدالة الاقتصادية في تعزيز الانتماء الوطني، جامعة شقراء-المملكة العربية السعودية، مجلة اقتصاديات شمال افريقا،

- مةريوان وريا قانع، مرؤظ و كةرِامةت.

- محمد سليمان الأحمد، الهندسة التشريعية، مركز البحوث القانونية، وزارة العدل، إقليم كوردستان-العراق، 2022.

- محمد سليمان الأحمد، فلسفة الحق، منشورات زين الحقوقية، لبنان، 2017.

- محمد طه البشير، د.غني حسون طه، الحقوق العينية الأصلية، الجزء الأول، المكتبة القانونية، بغداد .

- محمود فريد عبد اللطيف، تفسير النصوص القانونية في قضاء المحكمة الدستورية العليا بين النظرية والتطبيق (دراسة مقارنة)، مركز الدراسات العربية، 2018.

### دووەم: توێژینەوە زانستیەکان

- حيدر فليح حسن، التعويض العادل عن نزع الملكية للمنفعة العامة، مجلة العلوم والحقوق الإنسانية، العدد: 13، 2020.

- سعيد بن علي بن حسن العمري، د. رضوان أحمد الحاف، مبدأ الأمن القانوني، مجلة البحوث القانونية والاقتصادية، المجلد: 12، العدد: 79، 2022.

- شعيب محمد، عرعار وسام، حقوق الانسان والأمن القومي، مجلة الفكر، العدد: 20، 2025.د.
يوسف عبد المحسن، تجربة الرقابة السابقة على دستورية القوانين في النظامين القانونيين المصري والبحريني، المجلة القانونية التي تصدرها هيئة التشريع والرأي القانوني في مملكة البحرين، العدد السابع، 2017 .
- هائم أحمد محمود، ضمانات تحقق الأمن القانوني دور المحكمة الدستورية العليا في كفالته، مجلة العلوم القانونية والاقتصادية، كلية الحقوق – جامعة المنوفية، المجلد: 52، العدد: 2، 2020.

**سێیەم: دەستوورەکان**

- دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ساڵی 1789.
- جاڕنامەی فەرەنسی مافەکانی مرۆڤ و هاونیشتیمانیانی ساڵی 1789.
- دەستووری ئوستڕالی ساڵی 1901.
- دەستووری ئیندۆنیزی ساڵی 1945.
- دەستووری ئەڵمانی ساڵی 1949.
- دەستووری کوێتی ساڵی 1962.
- دەستووری ئیسپانی ساڵی 1978.
- دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێرانی ساڵی 1979.
- دەستووری هیندۆڕاسی ساڵی 1982.
- دەستووری پیرۆی ساڵی 1993.
- دەستووری ئۆکرانی ساڵی 1996.
- دەستووری عێراقی ساڵی 2005.
- دەستووری پۆلیڤی ساڵی 2009.

- دەستووری میسری ساڵی 2012.
- دەستووری تونسی ساڵی 2014.
- دەستووری میسری ساڵی 2014.

**چوارەم: سەرچاوە بیانیەکان**

- Bezemek/Dumbrovsky, ‘The Concept of Public Interest’, Graz Law Working Paper No 01,2020.

## - دور الدستور في تحقيق التوازن بين الاستقرار والعدالة في نطاق القانون المدني: دراسة تحليلية"

*ملخص:*

*تهدف هذه الدراسة إلى تسليط الضوء على دور الدستور في تحقيق التوازن بين غايتي العدالة والاستقرار، في ضوء مبادئ القانون المدني التي كرسها الدستور، وحل هذه الإشكالية. وتوصلت الدراسة إلى عدة نتائج، أهمها أن الدستور يولي أهمية بالغة لتحقيق العدالة، كونه غايته الأساسية، بل ويولي أهمية أيضًا لترسيخ الاستقرار، من خلال عدة وسائل مباشرة وغير مباشرة لتحقيق التوازن بين العدالة والاستقرار. كما خلصت الدراسة إلى أن للمحكمة الدستورية دورًا هامًا في تحقيق هذا التوازن.*

*الكلمات المفتاحية: الدستور، العدالة، الاستقرار، العدالة الاقتصادية، المحكمة الدستورية.*